حیزبی دەموکراتی کوردستانی ئێران داوایەک ئاراستەی کۆمەڵەی زەحمەتکێشان دەکات



ڕاگەیاندراوی ناوەندی بڵاوکراوەی حیزبی دەموکراتی کوردستانی ئێران لەبارەی گرژییەکانی نێو ڕێزەکانی کۆمەڵەوە: "بەداخ و نیگەرانییەکی زۆرەوە سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ پێنجشەممە، ڕووتی گرژییەکان کشاویەتە هەرشبردن و تەقەکردن کە لە ئاکامدا دوو هاوڕێیی کۆمەڵە گیانیان لەدەست داوە و بریندارییشی لە کوتتوە".

لەو پێوەندییەدا حیزبی دەموکراتی کوردستانی ئێران وەکو دەربڕینی ئۆپۆزیسیۆنی ناڕەحەتی و نیگەرانیی خۆی لەو ڕووداوە کە لەو هەلومەرجە هەستیارەدا هاتتە گۆڕێ، داوا لە لایەنە ناکۆکەکان دەکا دان بە خۆیاندا بگرن و ڕێگا نەدەن دەخەکە لەوە تاڵتر و ئاڵۆزتر بێ، چونکە ئەوەی ڕوویدا نە لە بەرژەوەندیی کۆمەڵە و نە لە بەرژەوەندیی بزووتنەوەی کورددایە و نە ڕێگاچارەیەکی شیاو بە چارەسەری مەسەلەکانە.

لە ڕاگەیەندراوەکەی دەموکرات هاتووە، "حیزبی دەموکراتی کوردستانی ئێران لە پەناو هەورکردنەوەی دەخەکە و پەشگرتن لە هەر جۆرە ئاڵۆزییەکی دیکە ئامادەیی خۆی دەردەبڕێ، و بە هیوای هەستکردن بە بەرپرسایەتیی زیاتر و دەسەڵاتی هەموو لایەک".